# تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر چاویان لە ئەنجامی گەورەیە

تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر وەرزی رابردوو توانییان نازناوی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستان لە ئاستی کچان بەدەست بهێنن، ئەمساڵیش دەستەی کارگێڕیی یانەکە تیپێکی تازەی دروست کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ جارێکی تر ئەنجامی شایستە لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی فوتساڵی کوردستان بەدەست بهێنێت کە بڕیارە یارییەکانی لە مانگی داهاتوو دەست پێ بکات، یانەکەش کۆمەڵێك یاریزانی باشی لە خۆی کۆکردۆتەوە و دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ خولەکە و چاویان لەوەیە ئەو نازناوە بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە گۆڤاری گوڵان راپۆرتێکی لەسەر ئامادەکارییەکانی یانەکە ئەنجامداوە.

**راپۆرتی: کارزان کانەبی**




**سەرەتا شەماڵ حەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر، لە بارەی کارو بەرنامەکانی تیپەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:** «پلانمان هەیە بە ستایلێکی جیاواز لە خولی نایابی کوردستان بەشداری بکەین، ئامادەکارییەکانمان دەست پێکردووە، هەر چەندە ئەمساڵ ئەرکمان قورسە، چونکە ساڵی ڕابردوو تیپی فوتساڵی ئافرەتانی هەولێر تیپێکی باشیان هەبوو، کە لە باشترینەکانی هەولێرو سلێمانی و کەرکوک پێکهاتبوون، بەڵام کە ڕاهێنەرەکان ڕۆیشتن، گشت یاریزانەکانیان لەگەڵ خۆیان برد، کە منیش تیپم وەرگرت، یاریزانی نەبوو، سوپاسی سەرۆکی یانە مامۆستا ڕازاو دەکەم کە بە هەموو شێوەیەك پشتگیریم دەکات، بەڵام بە پێی ڕێنماییەکانی یەکێتی تۆپی پێ، ئەمساڵ ناتواندرێت زیاتر لە دوو یاریزان لە دەرەوەی پارێزگای خۆت بهێنیت، ئەوەش وا دەکات زۆربەی یاریزانانی تیپەکە خەڵکی هەمان پارێزگا بن، زانکۆی جیهانیش زۆربەی یاریزانانی شاری هەولێری بردوون و جگە لەمەش کاپتن مەزن گشت یاریزانەکانی لەگەڵ خۆی برد، بۆ هێنانی یاریزانی پیشەگەر بە هەوڵی سەرۆکی یانە لەگەڵ چەند یاریزانێك لە پەیوەندیداین کە یەکێك لە باشترینەکان هەڵبژێرین، لە کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی گرفتمان زۆرە بە هۆی کەمیی یاریزانی کچ لە بەر دابونەریتی کۆمەڵایەتی و هەروەها گرفتی هۆڵی داخراو کە کێشەی زۆربەی یانەکانە، ئێستا هۆڵی داخراوی یانەکەمان تەواو نەبووە، لە ناو هەولێریش هیچ هۆڵێك نییە بۆ مەشقکردن، ئەمە جگە لەلایەنی داراییی کە هەمیشە یانەکان پەراوێز خراون لەلایەن حکومەتەوە و چەند ساڵێکە هیچ یارمەتییەك نادرێن.» گوتیشی: «من ئەرکێکی قورسم لەسەر شانە، چونکە ئەو یانەیە پاڵەوانی ساڵی ڕابردووە، بەڵام باشترین یاریزانەکانی لە تیپەکە نەماون، منیش دوو مانگم لەبەر دەستە بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی تۆکمە دروست بکەم، پشت بەخوا نێچیرێکی ئاسان نابین لە ناو خولەکە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە نازناوەکە بکەین، دەبێت یاریزانی باشتر بهێنین، بۆ ئەوەش پێویستمان بە یارمەتیی گشت لایەکە.

**سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر (ڕازاوکەریم)، سەبارەت بە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی تیپی تۆپی فوتساڵی یانەکەیان تایبەت بۆ گوڵان گوتی:** «بە فەرمی گرێبەستمان لەگەڵ دکتۆر شەماڵ حەمەد کردووە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەی ئافرەتانی هەولێر بکات لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە بڕیارە لە ئایندە یارییەکانی بەڕێوە بچێت، ئێستاش ژمارەیەك لە یاریزانەکانمان لەگەڵ ڕاهێنەرە تازەکەمان خەریکی ئامادەکارییەکانن، بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمە و بەهێز دروست بکەین.» گوتیشی: «ئامانجمان لەم وەرزە بەدەستهێنانی نازناوی خولی فوتساڵی نایابی یانەکانی کوردستانە بۆ جارێکی تر، بۆیە هەرچی لە تواناماندا بێت بۆ بەهێزکردن و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بۆ شاری هەولێر ئەنجامی دەدەین، لە هەوڵی ئەوەشداین ژمارەیەك یاریزانی دیکەش بهێنینە ڕیزی یانەکەمان بۆ ئەوەی تیپەکەمان لە گشت ڕوویەکەوە ئامادە بێت، متمانەی تەواویشمان بە ستافی ڕاهێنەران و یاریزانان هەیە کە دەتوانین ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، بە پاڵپشت و پشتگیریی هەموو لایەك دەتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین.


**یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێر کەوسەر کاکە خان، لە بارەی تیپەکەیان گوتی:** «ماوەیەکە دەستمان بە ئامادەکاری کردووە بۆ خولی کوردستان کە لە مانگی داهاتوو یارییەکانی دەست پێ دەکات، بە شێوەیەك ئامادەکاری دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بپێکین کە بیری لێ دەکەینەوە، زۆر گەشبینم بە توانای ڕاهێنەرەکەمان مامۆستا شەماڵ، دڵنیام ئەوەی لە توانایدا هەبێت فێرمان دەکات، هیوادارم ئێمەش بتوانین لە ناو یاریگا شتی نوێ پێشکەش بکەین و ئەمساڵیش تیپەکەمان بە شێوازێکی جیاواز دەربکەوێت.» گوتیشی: «لە ڕاستیدا کێشەمان نەبوونی یاریگایە، بەڵام سەرۆکی یانە بەڵێنی داوە تا وادەی دەستپێکردنی خولەکە یاریگاکەشمان تەواو ببێت و هەموو هەوڵێکیش دەدات بۆ ئەوەی هیچ گرفتێکمان نەبێت، کێشەی گەورەمان نەبوونی یاریزانە، چونکە چەند ساڵە یاریزانی دەرەوە بۆ ئافرەتانی هەولێر یاری دەکات، هەر کاتێکیش هەر ڕاهێنەرێك لە یانەکە نەمێنێت، یاریزانەکانیش لەگەڵ ئەو دەڕۆن، ئەوەش هەڵەی کارگێڕی یانەکانە کە لە کاتی تەواوبوونی پاڵەوانییەتییەکان پشت لە یاریزانان دەکەن، کاتێك خولەکان دەست پێ دەکات داوای گەڕانەوەیان لێ دەکەن، ئەوەش وا دەکات یاریزان شار و یانەی خۆ جێ بهێڵێ، بۆیە زۆربەی یانەکان بەدەست نەبوونی یاریزانەوە دەناڵێنن، تا ئێستاش یانەکەمان بە شێوەیەکی باش ئامادە نییە، بەڵام وابڕیارە چەند یاریزانێك بهێنن و ئاستمان باشتر بێت و لە خولەکەش شتی چاوەڕواننەکراو لە ئێمە بەدی دەکرێت.

**یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێر بەفرین قادر، سەبارەت بە هەمان پرس گوتی:** «ئامادەکارییەکانمان بەشێوەیەکی گشتی باشە، گرفتمان تەنیا نەبوونی هۆڵی داخراوە کە ئێستا هۆڵەکەمان تەواو نەبووە، ئامانجی ئێمە لەم وەرزە بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەیە، بەڵام یارییش هەموو ئەنجامێکی تێدا دەبێ، پێشنیارم بۆ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئەوەیە خولی نایاب و پلە یەکی فوتساڵی کچان جیا بکاتەوە، ناکرێ یانەیەك تازە دانراوە، ڕاستەوخۆ بەشداری لە خولی نایاب بکات و پێویستە دابەزینیش لە خولەکە هەبێت.







**شەماڵ حەمەد:**
**بە هۆی دابونەریتی کۆمەڵایەتی یاریزانی کچمان کەمە و ئەوەش گرفتی گەورەیە**



**ڕازاوکەریم:**
**هەرچی لە تواناماندا بێت بۆ بەهێزکردن و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بۆ شاری هەولێر ئەنجامی دەدەین**



**کەوسەر کاکە خان:**
**کێشەی گەورە ئەوەیە هەر کاتێک هەر ڕاهێنەرێک لە یانەکە نەمێنێت، یاریزانەکانیش لەگەڵ ئەو دەڕۆن**



**بەفرین قادر:**
**پێشنیارم بۆ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئەوەیە خولی نایاب و پلە یەکی فوتساڵی کچان جیا بکاتەوە**



## یانەی سۆران چاوی لە خولی نایابی کوردستانە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سۆران دوای ئەوەی توانی لە کۆمەڵەکەی سەرکەوێت بۆ یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، دوای ئەوەی تیپەکە باری دارایی وەکو پێویست نەبوو، یاریزانانی تیپەکە مەشقەکانیان راگرت، بەڵام بە هەوڵی بەرپرسانی لقی دەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەڵێنی پێدانی هاوکاریی یانەکە دەستی بە مەشقەکان کردۆتەوە و چاوی لەوەیە بگاتە خولی نایابی کوردستان، لەم بارەشەوە فەرمان ئیسماعیل بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی سۆران بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «مەشقەکانی تیپەکەمان بەهۆی گرفتە داراییەکانمان وەستابوو، بەڵام دوای ئەوەی بەرپرسانی حزبی لە دەڤەرەکەمان بەتایبەتی بەرپرسی لقی دەی پارتی دیموکرانی کوردستان بەڵێنی هاوکاریکردنی پێدایـن، بۆ ئەوەی بتوانین لەم چوارچێوەیە خۆمان بگەیەنینە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، پێشووتریش بەرپرسانی حزبی



## هەولێر خۆی بەهێز دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ دەستپێکردنەوەی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دوای مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ نازم شاکری راهێنەری بەناوبانگی عێراقی یانەکە جارێکی دی دەیەوێت خۆی نوێ بکاتەوە، کارگێڕیی یانەکە لەسەر داوای نازم شاکری راهێنەر دەستبەرداری ژمارەیەك لە یاریزانانی یانەکە بووە، جگە لەوەش کارگێڕیی یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرز مۆرکردووە، لەوانە: یاریزانان (هەردی سیامەند و وریاکامەران و عەلاشبلی وعەلی حوسێن)، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەن، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی هەولێر بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «خولی نایابی عێراقی خولێکی بەهێزە و یانەکان هەمووی رکابەریی



# کچانی سەورە بەشداریی خولی فوتساڵی نایابی کوردستان دەکەن

هەر چەندە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان رۆژی ٢٢ی مانگی داهاتووی دیاری کردووە بۆ دەستپێکردنی یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەك لە یانەکانی شارەکانی کوردستان، تیپی فوتساڵی یانەی سەورەی شاری کەرکووکیش ئەم وەرزە بە کۆمەڵێك کچە یاریزانانی شارەکە بڕیاری داوە بەشداریی یارییەکانی ئەم وەرزە بکات و چاویشی لەوەیە ئەنجامێکی گەورە دەستەبەر بکات، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش قاسم جەمیل راهێنەری تیپی تۆپی فوتساڵی یانەی سەورە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە، بەڵام بەهۆی تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ لە شاری کەرکووك مەشقەکانمان راگرتووە، بەڵام دەست پێ دەکەینەوە لە دوای تاقیکردنەوەکان یاریکردنیشمان بۆ یانەی سەورە لەسەر داواکاریی ئەوان بوو، کە پیشووتر بڕیار بوو بۆ یانەی گازی باکوور یاری بکەین، بەڵام بەهۆی گرفتی دارایی نەیانتوانی ئێمە لە ئەستۆ بگرن، بۆیە ئێمەش دواجار لەگەڵ یانەی سەورە پێکهاتین، هەرچەندە هیچ گرێبەستێك و مووچەیەکمان نییە، تەنیا مەسروفاتی تیپەکە لەئەستۆ دەگرن لە خولی نایابی فوتساڵی کوردستان، ئێمەش هەرچی لە توانامان بێت بۆ یانەکە ئەنجامی دەدەین و ئێمەش وەکو تیپی فوتساڵی کچانی شاری کەرکووك دەمانەوێ ئاستی باش و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین.» گوتیشی: «تاکە گرفتیش لە شاری کەرکووك ئەوەیە کە گرنگی بەتوانای تیپی کچان نادرێت بەراورد لەگەڵ تیپی کوڕان کە خۆتان دەزانن ماندووبوون و هیلاکیی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی بتوانی تیپێکی کچان دروست بکەی، بەهیوای ئەوەین پشتگیریمان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین لە شاری کەرکووك درێژە بە کاروانی وەرزشیی کچان بدەین.»



بەر لە خولەکە هاوکاریی تیپەکەی ئێمەیان کردووە، ئێستاش ئێمە مەشقەکانمان دەست پێ کردووە، ئاواتی ئێمەش تەنیا بەردەوامبوونە بۆ ئەوەی هەرچی لەتوانامانددا بێت، بیکەین بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام ئەوەش وا نییە کە بڵێی کێشە داراییەکانمان چارەسەر کراوە، بەڵکو کێشە داراییەکانمان بەردەوامە و هیواشمان ئەوەیە تیپەکە بگەیەنینە خولی نایابی کوردستان بۆ ئەوەش کارمان کردووە.»

یەکتری دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، ئێمەش ئێستا و لەم وەرزە دەستبەرداری ژمارەیەك لە یاریزانانی تیپەکەمان بووین، جگە لەوەش لەسەر داوای راهێنەر گرێبەستمان لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانی ئاست بەرز مۆرکردووە، ئەم وەرزە دەمانەوێ یانەکەمان بچێتە قۆناخێکی دیکە لە خولی نایابی عێراقی، متمانەشمان بەم تیپە هەیە کە ئەنجامی باش لە یارییەکانی داهاتوو بەدەست بهێنێت.»

# بواتینگ
# مێژووی بۆ خۆی نوسیووە

بەرشلۆنە گواستنەوەی کێڤن پرێنس بواتینگی بە شێوەی خواستن لە یانەی ساسولۆی ئیتاڵیاوە راگەیاند، لە یەکەمین لێدوانیدا وەك یاریزانی نوێی بەرشلۆنە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە دەیەوێت گۆڵ لە ریال مەدرید بکات، گوتیشی: جوانترین گۆڵی ژیانی وەرزشیم ئەو گۆڵە بوو، کە بە درێسی ئەیسی میلان لە ٢٠١٦ لە یانەی بەرشلۆنەم تۆمار کرد.

بواتینگ لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەری فەرمی بەرشلۆنە گوتی: وەکو هەر یاریزانێکی دیکە بە پۆشینی درێسی بەرشلۆنە خەونەکەم بووە راستی، هەموو یاریزانێك خەون بەوە دەبینیت رۆژێك لە رۆژان یاری بۆ یانەیەکی گەورە بکات، پێشمـوایە ئەو یانە زۆر گەورەیە.

بواتینگ دەشڵێت: راستە تەمەنم ٣١ ساڵە، بەڵام هەموو کەسیك دەزانێت توانای جەستەی من چۆنە، لەبەر ئەوە نامەوێت باسی هێزی خۆم بکەم، تەنیا ئەوە نەبێت لەگەڵ یاریزانەکان بەیەکەوە ئامانجەکانمان بپێکین.

لە بارەی کریستیانۆ و مێسی بواتینگ گوتی: کریستیانۆ نموونەی باشترین یاریزانەکانی جیهانە و هەمیشە هەوڵدەدات باشترین ئاست پێشکەش بکات، زۆرترین مەشق و راهێنان دەکات بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت باشترینی جیهانە، بەڵام ئەوەی مێسی دەیکات بە هیچ یاریزانێکی دیکە ناکرێت.

بواتینگ دەشڵێت: دڵتەنگم بە رۆیشتنم لە ساسۆلۆ، بەڵام ئەمە دەرفەتی تەمەنمە و ناتوانم رەتیبکەمەوە، دەمەوێت لە یاریی کلاسیکۆی داهاتوو لە یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابیۆ بەرامبەر ریال مەدرید گۆڵ بکەم.





## ئەلۆنسۆ دادگای کرا

دوای ئامادەبوونی رۆناڵدۆ لە دادگا ئەمجارە چابی ئالۆنسۆی یاریزانی پێشووی ریال مەدرید، بە هەمان تۆمەت لە دادگا ئامادە بوو.

یاریزانی پێشووی یانەکانی ریال مەدرید و بایرن میونیخی ئەڵمانیا ساڵی رابردوو لەلایەن دادگای وڵاتەکەی بەوە تۆمەتبار کراوە پێش جێهێشتنی ریزەکانی ریال مەدرید  لە نێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٢ خۆی لە دانی باج دزیوەتەوە و لەم ماوەیەدا بڕی ٢,٣ ملیۆن یۆرۆی وەکو باج بۆ خەزێنەی وڵاتەکەی نەگەڕاندۆتەوە، بۆیە ئەمیش بریاری دادگایی کردنی بۆ دەرچوو و بۆ ئەم مەبەستەش گەیشتە دادگا و دادگایی کرا.

لە ئەگەری راستی ئەم تۆمەتانە ئەوا چاوەڕێ دەکرێت ئالۆنسۆ سزای زیندانی بۆ ماوەی ٥ ساڵی بۆ دەردەچێت لەگەڵ سزادانی بە پێبژاردن بە پارە.

دوای بەرێوەچوونی دادگاییەکە ئالۆنسۆ وەڵامی رۆژنامەنووسانی دایەوە و هەموو ئەم تۆمەتانەشی رەتکردەوە.

لەمبارەیەوە ئالۆنسۆ گوتی: من دڵنیاتان دەکەمەوە کە هیچ کارێکی نایاسایی نەکردووە و هەر لە سەرەتاوە هاوکار بوومە لەگەڵ خەزێنەی وڵاتەکەم و هیچ شتێکم نەشاردۆتەوە و بەپێ یاسا مامەڵەم کردووە و هیچ کاتێکیش کاری نایاسایی نەکردووە، بۆیە ئەمرۆ لێرە لە دادگا ئامادە بووم بۆ ئەوەی بەرگری لە مافەکانی خۆم بکەم و دەمەوێت کۆتایی بەم کەیسە بێنم.



# محەمەد سەلاح رەخنەی ئاراستە کرا



بەشێك لە ناوبژیوانانی ئینگلتەرە رەخنە لە محەمەد سەلاح، ئەستێرەی خولی ئینگلیزی یانەی لیڤەرپوول دەگرن و بەوە تۆمەتباری دەکەن لە نێو هێڵی سزادا هەوڵدەدات بەخۆبەردانەوە فێل لە ناوبژیوانان بکات.

کیت هاکیت ناوبژیوانی پێشوو لە خولی ئینگلتەرە، لە وتارێکدا کە بۆ رۆژنامەی تیلیگرافی بەریتانی نووسیوە، رەخنە لە سەلاح دەگرێت و دەڵێت: ناوبانگی ئەو لە مەترسیدایە و گومان لەوەدا نییە، کە سەلاح گۆڵکارێکی زۆر باشە و رۆڵێکی سەرەکی هەیە لە سەرکەوتنەکانی لیڤەرپوول، بەڵام هەمیشە دووبارەبوونەوەی کەوتنەکانی لەنێو هێڵی سزادا مەترسی دەخاتە سەر ناوبانگی.

ئەو ناوبژیوانە تەمەن ٧٤ ساڵانە دەڵێت: ناوبژیوانان خولی بەردەوامیان هەیە و زۆر بە وردی سەیری گرتە و ڤیدیۆیەکان دەکەنەوە، کە بێگومان بەربوونەوە دووبارەکانی سەلاح بەشێك دەبن لەو گرتانە.

مارك هیلسی ناوبژیوانی پێشووهۆشداری دایە سەلاح، کە بەو کردەوانەی ناوبانگی خۆی لای ناوبژیوانانی پریمەرلیگ ناشیرین بکات و گووتی: من سەلاحم زۆر خۆش دەوێت، بەڵام دەبێ زۆر ئاگادار بێت و ناوبانگی خۆی لای ناوبژیوانان ناشیرین نەکات، چونکە ئەوان پێیانوایە ئەو هەوڵدەدات گومان بخاتە سەر تواناکانیان.



# سێ یانە بە دوای ئیسکۆیە

یانەی ئینتەر میلان بۆ گواستنەوەی ئیسکۆی یاریزانی یانەی ریال مەدرید هاتە سەرهێڵ.

رۆژنامەی توتۆ سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردووە یانەی ئەنتەر میلان دوای ئەوەی نەیتوانی گرێبەست لەگەڵ لوکا مۆدریچ مۆربکات، ئێستا دەیەوێت کێشەی نێوان ئیسکۆ و ریال مەدرید بقۆزێتەوە و گرێبەستی لەگەڵدا مۆربکات.

رۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکردووە، رووداني ئەم گرێبەستە کەمێک قورس دەبێت، بەڵام رەنگە لە دوایین ساتەکانی بازاڕی گواستنەوەدا رووبدات.

جگە لە ئینتەر میلانیش، یانەی یوڤێش کار بۆ گواستنەوەی ئیسکۆ دەکات.